## چاکبوونەوەی خێرا بۆ هاوڕێ حەیدەر شێخ عەلی دەخوازین

بەهۆی نەخۆشییەکی کتو پڕەوە هاوڕێ حەیدەر شێخ عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبمان و وەزیری گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان خرایە ژێر چارەسەری پزیشکی و خۆشبەختانە ئێستا باری تەندروستی ڕوو لەباشییەو بەهیواین بەزووترین کات بگەڕێتەوە گۆڕەپانی کۆشش و خزمەتکردنی هاوڵاتیانی کوردستان و نێو هاوڕێ و خۆشەویستانی، هەر بەم بۆنەیەوە بەناوی هاوڕێمانەوە سوپاسی د. قاسم و د. سامی و کارمەندانی نەخۆشخانە دەکەین بۆ هەوڵ و ماندووبوونیان.

ڕێگای کوردستان


# ڕێگای کوردستان

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی) یەوە لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووە

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق و
ماڤی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

هەفتەنامەیەکی سیاسییە، حزبی شیوعی کوردستان دەریدەکات | ژمارە (٧٢٣) | چوارشەممە ٢٠٠٧/١/١٠ | بەفرانبار٢٧٠٦


# ٢٠٠٦ گرانیو بەرزبوونەوەی نرخەکانی بەخۆوە بینی با لە ٢٠٠٧دا بازاڕ کۆنترۆڵ بکرێت

دیاردەی گرانیو بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخەکان یەکێ لەو ئاستەنگانەیە کە ساڵ لە دوای ساڵو تەنانەت ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش تادێ پتر تەنگ بە چینو توێژێکی فراوانی دەرامەت سنوورداری گەلی کوردستان هەڵدەچنێ، لە کاتێکدا کە هاووڵاتییانی کوردستان بەو ئومێدە دەژین کە دامو دەزگاکانی چاودێری حکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك ئەرکی پێویستو بەپەلە باری گوزەرانی سەرشانی هاووڵاتییان سووکترو ژیانیان ئاسوودەتر بکەنو پلانی تۆکمە دابڕێژن، بۆ ڕێگرتن لەو دیاردە کارەساتاوییەی کە دەرەنجامی چاوچنۆکی توێژێکی سەرمایە بە دەست لە پێناو هەرچی زۆرتری قازانجی سەرمایەکانیاندا بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتییانی کوردستان دەکەنە قۆچی قوربانیو وەك دێوەزمەیەك بە هەوکی هاووڵاتییانەوە دەنووسێن..

ئا لەو کاتەدا کەسانێك تەنانەت بۆنەو مەراسیمە میلیو ئاینیەکانیش دەقۆزنەوەو بۆ گەیشتن بە زۆرترین قازانج سڵ لە هیچ ڕێگەو شێوازێك ناکەن، بۆیە بۆ هەرچی زووتر چارەسەرکردنی ئەم دیاردە دزێوە لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێدا هاووڵاتییانی کوردستان چاوەڕوانن کە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەنگاوی جددی ترو پلانی ئابووری تۆکمەتر بە مەبەستی پێشگرتن لە بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخەکانی بازاڕو کرێو نرخی کەلوپەلو کاڵاکان، دابڕێژنو میکانیزمێکی کارا بگرنەبەر بۆ ئاساییکردنەوەی کرێو نرخەکان بەشێوەیەك جۆرێ لە پارسەنگی لە نێوان داهاتی خەڵكو نرخی کاڵاکان وەدیبهێنرێتو چیتر ڕێگە نەدرێت بە ناوی بازاڕی ئازادەوە توێژێکی دیاریکراو ئازادانە بژێوو گوزەرانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بکەنە قوربانی کەڵەکەبوونی پتری سەرمایەکانیان.

## ئەگەری زیادبوونی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە ئارادا هەیە

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ وا چاوەڕوان دەکرێ حکومەتی ناوەند لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێ ڕێژەی ٥٠٪ -٧٠٪ دەسکاری مووچەی فەرمانبەرانی پلە ٥- پلە ١٠ بکاتو مووچەکانیان بەرز بکرێتەوە، هەر لەمبارەیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دوای گەڕانەوەی لە سەردانەکەی بەغدا لەگەڵ شاندی یاوەری ماوەیەك بەر لە ئێستا، لەبارەی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕاگەیاندبوو گەر حکومەتی ناوەند مووچە زیاد بکات ئەوا حکومەتی هەرێمیش هەمان کار ئەنجام دەدات، شایانی باسە لەمبارەیەوە وەزیری دارایی حکومەتی فیدراڵی عێراق لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الصباح) ماوەیەك بەر لە ئێستا ڕایگەیاندبوو کە بڕیاری زیادبوونی مووچەی فەرمانبەران لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٧دا دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.

## دوای لە سێدارەدانی سەدام

## دانیشتنەکانی دادگا لەسەر دۆسیێ ئەنفال دەستی پێکردەوە

**ئاژانسەکانی هەواڵ:**
ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو (٨ / ١)، (٣٤)ەمین دانیشتنی دادگا لەسەر دۆسیەی ئەنفال بە سەرۆکایەتی دادوەر (محمد العریبی)و، ئامادەبوونی هەر شەش تاوانبار دەستیپێکرد، سەرەتا دەمە تەقەیەکی توند لە نێوان سەرۆکی دادگاو تاوانباران سەریهەڵدا، تاوانباران دادگاکەیان بە ناڕەوا لە قەڵەمدا تا دەرەنجام دەنگی مایکرۆفۆنەکانی ناو هۆڵی دادگا لەلایەن دادوەرەوە پچڕێنراو، دواتر دانیشتنەکە بەردەوام بوو. لە دەستپێکی دانیشتنەکەدا دادوەر (محمد العریبی) نووسراوی دادگای باڵای یەکەمی تاوانەکانی لەمەڕ (دۆسیێی دووجەیل) خوێندەوە کە تیایدا کۆنووسی سزای لە سێدارەدانی تاوانبار سەدام حوسێنو دوو لە تاوانبارانی دیکەی تێدابوو کە جەخت لەسەر لە سێدارە گەیاندنی تاوانبار سەدام حوسێن دەکاتەوەو دەیسەلمێنێ کەناوبراو لە سێدارە دراوەو گیانی لە دەستداوە.

بۆیە بڕیاردراوە، بەپێی کۆنووسی ناوبراو، تێکڕای ڕێوشوێنەکانی دادگا بە یەکجارەکی ڕابگیرێت دەرحەق بە تاوانبار سەدام حوسێن بەپێی هەردوو ماددەی ٣٠٠و ٣٠٤ لە یاسای (اصول المحاكمات الجنائية العراقية) ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١.

بۆ ل٢

## بەندییەکانی ئاکرێماندەگرن

## تائێستا چەند کەسێك بەبێ دادگایی لە زینداندان

بەپێی زانیارییەکانی دەست ڕێگای کوردستان کەوتووە لە سەرچاوەیەکەوە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات، دەرکەوتووە کە لەماوەی هەفتەیەك بەر لەکۆتایی ساڵی ڕابردوو چەندین بەندە لە زیندانی ئاکرێ بە هۆی مامەڵەی خراپی ئیدارەی بەندیخانەکە دەستیان داوەتە مانگرتن ، هەر ئەو سەرچاوەیە تەئکیدی لە لێدان و دارکاری هەندێك لەبەندییەکانی کردەوە لە گۆڕەپانی زیندانەکەداوگوتیشی کە مانگرتنی بەندییەکانی زیندانی ئاکرێ بۆ بێ خزمەتی بەندیخانەکەو لێنەپێچانەوەو بەندیکردنیان بەبێ داداگایی و نەزانینی کۆتایی ماوەی دەستبەسەربوونیان لە بەندیخانەکەدایە. شایانی باسە چەندین جار لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاسایش و پۆلیس ڕایانگەیاندووە کە هیچ زیندانییەکی نارەسمیان نیەو بەندی بەبێ کەیس و دادگاییکردنیشیان لە لانیەو هەوڵیشدەدەن کە ئەو جۆرە دیاردە خراپە ئاسەواری نەبێت.

## بەرێککەوتنی هەندێك لە بەرپرسی هێڵەکان

## شوفێری هێڵەکان نرخی هاتووچۆ بۆ ٥٠٠ دینار بەرزدەکەنەوە



پێرێ لەسەر ڕێککەوتنی چەند بەرپرسێکی هەندێك لە هێڵەکانی هاتووچۆی ناو شاری هەولێر لەگەڵ شۆفێر هێڵەکانیان نرخی هاتووچۆی ناوشاریان لە ٢٥٠ دینارەوە بۆ ٥٠٠ دینار بەرزکردەوە.

هەندێك لە شۆفێرەکان هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکەیان بۆ گرانی بازاڕ و نرخی سووتەمەنی گەڕاندەوە،ئەمەو سەرچاوەیەك لە سەندیکای کرێکاران بە ڕێگای کوردستان ی ڕاگەیاند کە ئەوان بەهیچ شێوەیەك لە گەڵ ئەو بەرزبوونەوەی نرخەدانین و لەوبارەیەو گوتی کە کۆبوونەوەی تایبەتیان بۆ کردوەو نوێنەریان چۆتە لای پارێزگاری هەولێر کە بەڵێنی پێداون بڕی گاز و بەنزینیان بۆ زیاد بکرێت و نرخەکە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی. شایانی باسە بەرزبوونەوەی ئەو نرخە هەموو هێڵەکانی نەگرتۆتەوە.

## لیوا شێرکۆ شاکر فەرمانی گرتنی کارمەندێکی زاگرۆس تیڤی دەدات

ڕۆژی ٨ /١ فەرمانی دەستگیر کردنی کۆسرەت عەبدولرەحمان پێشکەشکاری بەرنامەی (بێ ڕتوش)ی تی ڤی زاگرۆس-کەرکوك لەلایەن لیوا شێرکۆ شاکر فەرماندەی پۆلیسی کەرکوك دەرچوو.

دوای بەشداربوونی لیوا شێرکۆ شاکر لەبەرنامەی بێ ڕتوش تی ڤی ناوبراو کە کۆسرەت عەبدولرەحمان پێشکەشی دەکات ، بەهۆی هەندێك لەبڕگەکانی بەرنامەکەوە لیوا شێرکۆ ڕۆژی ٢٥ /١٢ شکات لە کەسی ناوبراو دەکاتو بەرەسمی ئاگادار دەکرێت .

جارێکی دیکە لە ڕۆژی ٧ /١ کۆسرەت عەبدولرەحمان دوای تەبلیغکردنی ناچێتە پۆلیسخانە و ئامادەنابێت بچێتە بەردەم لێکۆلینەوە و ڕۆژی ٨ /١ی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت. کۆسرەت عەبدولرەحمان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ ڕێگای کوردستان گوتی (ئەو بڕیاری دەستگیرکردنە بەبێ بڕیاری دادگایەو شەرعیی نییە، لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێیان گوتوم خۆت بە دەستەوە مەدە).

## نەوتی بێجیو تیجاری لە ڕێگای بایەعەکانەوە دابەش دەکرێ

بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە حکومەتی بەغدا بڕیاریداوە شەش ملیۆنو پێنج سەد هەزار لیتر نەوت بداتە هەر سێ پارێزگای (هەولێرو دهۆكو سلێمانی) کە لە پاڵاوگەی بێجییەوە بە بۆڕی ڕەوانەی شاری کەرکوك دەکرێتو لەوێشەوە بەتانکەر دەگاتە شارەکانی کوردستان.

هاوکات بەڕێز پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد کە بەشێك لەو بڕە نەوتە ئێستا گەیشتوەو ئێستا لە ڕێگای بریکارەکانەوە دابەش دەکرێت، گوتیشی وێڕای ئەو بڕە نەوتە پارێزگای هەولێر دەستیانکردووە بە کڕینی نەوتی تیجاریو دەستیان بە دابەشکردنی کردووە بەسەر بایەعەکەماندا تا بە نرخی ڕەسمی بە هاووڵاتییانی بفرۆشن، ئاشکراشی کرد کە ڕۆژی سێ شەممە ٨٢٥ هەزار لیتر نەوت لە شاری هەولێر لە ڕێگای بایەعەکانەوە بەسەر هاووڵاتییاندا دابەش دەکرێ.



## لیوا کوردەکانی سوپای عێراق ڕەوانەی بەغدا دەکرێن

بەپێی سەرچاوەکان وەزارەتی بەرگری حکومەتی عێراقی فیدراڵ فەرمانی داوە کە لیوای پیادەی یەکی هەولێر، کە زۆربەی هەرە زۆری سەربازەکانی کوردنو لە هەرێمی کوردستاندا جێگیرە، ڕەوانەی بەغدا بکرێن. ئەم بڕیارە دەچێتە چوارچێوەی خۆئامادەکردن بۆ جێبەجێ کردنی پلانە ئەمنییە نوێیەکەی بەغدا، کە بۆ دەست پێکردنی چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان دەکرێت..

شایانی باسە لیوای یەکی هەولێر لە ٣٢٠٠ سەرباز پێك دێ کە زۆربەیان کوردنو، ئەم لیوایە یەکێکە لە سێ لیوای سەربازی لە هەرێمی کوردستاندا کە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە چوارچێوەی سوپای نوێی عێراقدا دامەزراونو سەر بە وەزارەتی بەرگری بەغدان. سەبارەت بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەغدا سەرچاوە بەرپرسەکان هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم هەواڵەیان بەدرۆ خستەوەو ڕوونیشیان کردەوە کە هیچ پیلانێکی لەو جۆرە لەئارادا نییە.

## عێراق بەنیازە گەنمی زیاتر بکڕێت

وەزارەتی بازرگانی عێراق ڕایگەیاند کە سەرگەرمی تاوتوێکردنی چەند ڕێککەوتنێکی بازرگانین تا بە پەلە بڕێکی زۆری گەنم بکڕن . وەزارەتەکە لە ڕاگەیەنراوێکیدا ئاشکرایکردووە کە وەزارەت لێژنەیەکی باڵای بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی جیهاندا بۆ هێنان و کڕینی بڕێکی زۆری گەنم پێکهێناوە و ئەوانیش ڕێورەسمی گرێبەستەکانیان بە کۆتا گەیاندووە ، ڕاگەیاندنەکە دەڵێت چاوەڕێدەکرێت لە چەند ڕۆژی کەمی داهاتوودا بڕێکی زۆری گەنم بگاتە عێراق .